زیاد محەمەد ئەمین
قەلادزێ - 1980

گەشتێك بە نێو گوڵزاری مەقامی «ئازیزە»دا

بریسکە بریسك و پرشنگ دانەوێ دڵۆپە ئاونگی سبەینەی نیسانێ ، لەسەر پەلکی گوڵ و دار و دەوەنـان ، ئەوەنـدە تیژ بوون چاوی دەچـاو قایمـانیان شـۆڕ دەکردن ، وەك ئـەوەی دەچوو کە هـەموو بستێکی چیـای چواسی[1] بێچـووە ڕۆژێکی لێ هەڵهاتبێ .

بـالدار ئەوەنـدە سەرگـەرمی گۆرانی گـوتنێ بـوون ، دەتگوت لە هەموو سەر تەپۆلکان زەماوەندێك دەگەڕێ . لەنێو ئەودیمەنە بەهەشتی‌یەیدا بوو ، کەکاکی شوانیش خۆشترین ئاوازو ناسکترین ووشەی هەڵبژاردو تێکەلاوی ناو ئەو هەموو ئاوازە جۆراو جۆرانەی کردو ، دەنگو دەنگدانەوەی زەنگوڵەی ملی نێری‌یە ڕەشی گۆردو زەردیشی[2] لێ ببوو بە ، بەسۆزتـرین ئاوازی مۆسیقاو تەلی هەست و ئارەزووی دەجووڵاند .

(... ئەمن بۆت هەڵدەڵێمەوە بەناسکە بێریان ، ئەگـەر چاویان ڕەشن و برۆیان بەکولاوە ، لەوان بێریان یـەکێکیان لێ بەجێ دەماوە ، گۆمیلکە گۆمیلکەی ئـارەقێی لەنێو سینـگەو مەمکان ڕاوەستاوە . کیژ دەڵێ : ئەگەر گولەکەی مێردان لێی بخواتەوە بۆی دەبێتەوە بەسندان و ژەهرەمارە ، ئەگەر هەتیوە لاوەکـەی من لێی بخـواتـەوە لەبـۆی دەبێتـەوە قـەنـداوو شەکراوە) .

لەوێ ڕۆژێوە بڕیارمدا کەبەدوای مـەقامی ئـازیزەیـدا بگـەڕێم و هەرنـەبێ هێنـدێـك لەکـۆپلەکـانی کـۆبکـەمـەوەو ئەمگەوهەرە پرشنگدارە بێ وێنەیە کەلەپـوورەی باپیـرانمان لەجەنگەڵی بزربوونیدا ڕزگار بکـەم و بیهێنمە سـەر ڕووپەڕی کاغەزان و بەردەستی خوێندەواران .

ئازیزە گوڵزارێکی پان و بەرین و پڕ گـوڵی هەمـە ڕەنگ و جـۆراو جۆرە ، هـەر گۆرانی بێـژێکیش بەئـارەزووی خـۆی گوڵبژێری تێدا کردووەو بەئاوازی بەیاتی (ئازیزە)ی غەمی دڵی خۆی پێ پەراگەندە کردوون . خدربلوێر لەهەندەرانرا وەستاو شاگردان دێنێ بۆ درووێنێ کەوای ڕەشـەڕیحانـەی پەراوێـز سوورەگوڵی ئازیزە گـوڵێ ، حەمـە کوێـر بەئـاین و جوانی‌یـە سروشتی هەڵدەڵێ ، بـرایمی حەمـە عەزیـزی لەنێو سینـگەو مەمکان باقە بەستێ گوڵان دەکات و سەلیمی بایزیش لەدەست ستەمی ئادەمیزادی هاوار دەکات ، ... .

- ئازیزە -

ئای ... ئای ... ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ ،
ئەمن کەوایەکی لەبۆ ئازیزەکەی خۆم دەکەم لەپەلکی ڕەشـە ڕیحانێ ، پەراوێزانی تێدەکەم لەپەلکی دەسوورە گوڵێ ،
وەستایەکی بۆ دێنم لەدیاربەکرێ ، شاگردانی بۆدێنم لە قۆجە موسڵێ ،
کەوایەکە لەبۆ ئازیزەکەی من بدروێ ، لەگەڵ هەموو تەقەڵ و تەریبانی ئازیزێکی خۆش پێ هەڵبڵێ .
ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ ، دەوەرە ، ماڵێ‌من و ماڵێ بابی من ئازیز

ئازیز ، ئەمن پیر نەبووم ، پیرت دەکردم،
دەردە دار نەبووم دەردەدارت دەکردم ،
ڕەنگ زەردو لێو بەبار نەبووم ، ڕەنگ زەردو لێو بەبارت دەکردم ،
دەتکردم بەتۆزو بە بەر بارانێت وەر دەکردم ،
بارانە وەخۆیان هەڵنەدەگرتم ،
کزەبایەکی شەماڵی دەهاتو ، لێی دەدامو بەبارانەوە بە جۆگەو جۆگەلەو ڕووبارانی وەردەکردم ،
بەبەر ئەوان هەوارو ، چیغو ، ڕەشماڵو ، کەپراندا ڕادەبردم ، هەموو ئێوارەو سبەینان ، کیژی ئەوان گەورەماڵو نەجیبو ، خانەدانانم دەهاتنە سەرێ ، سەروچاوی خۆیان پێ دەشردم ،
سینگو مەمکی خۆیان پێ تەڕ دەکردم .
ئازیز ، دەوەرە ماڵێ منو ماڵێ بابی من ئازیزە گوڵێ .

کیژ دەڵێ : ئەوە سەرێکی من دەێشی ، دڵەکەی منی ماڵ وێران بەوەیە[3] .
هەر بەکابەی شەریف کەم ، بە خالقێ گەورەیە ،
لەشکرێك لە من دیارە ، لەشکرێکی گەورەیە ، گەورەو حوندەیە[4] .
ئەو لەشکرە کێیە ؟ کێ نییە ؟ ! پێنجسەدی فەلەیە ، فەلە ڕەشکەیە ،
پێنجسەدی تورکە ، تورکمانە ، پێنجسەدی نیزامی خاسسەیە .
پێیانە تۆپە ، تۆپخانەیە ، تیرێ سەر بەپەیکانە ، تفەنگێ ماتییە[5] کارخانەیە .
دەداتەوە بەسەر زینوێ شێخی باڵەکاندا ، تالان دەکا عێلێ ، عوربانێ ، بادەداتەوە بۆ سەر ماڵێ حاجی برایماغای بەحیللەیە .
کیژ گاز دەکا دەڵێ : هەتیوەلاوە ، ئەتۆ لەخەمێ تالانو ماڵێ مەبە ! وەرە ، بائەمنو تۆ لێك بهاڵێین ، سێ شەوان بە شەوی پاییزێ ، دوو ڕۆژان بەڕۆژی بوهارێ ، وەك توولی نەمامێ ، وەك خەڵفی چنارێ ، وەك قەدی لاولاوی ، لەبۆمنو تۆ کەلێك خۆشترە لەخەراجاتەکەی ئەوی عێلو عوربانەیە . ئازیزێ ، دەوەرە ، ئازیزە گوڵێ .

سەرێ من دەێشی ، کوڕە بابەکەی بابم ، دڵی منی ماڵ وێران بەژانە ژانە .
ئەوە گرمە گرمێك دێ لەوان سەرانە ،
هێندێك دەڵێن بایەو هێندێك دەڵێن بارانە .
هێندێك دەڵێن بوولەرزەیەو ، هێندێك دەڵێن تەرزەیەو ، هێندێك دەڵێن بای سەرسەرێیەو ، هێندێك دەڵێن مەنسووری هەللاجەو ، هێندێك دەڵێن قارەمانی دێوقڕانە .
ئەوە کیژ دەڵێ : نەتەرزەیە ، نەبوولەرزەیە ، نەبای سەرسەرێیەو ، نەمەنسووری هەللاجەو ، نەقارەمانی دێوقڕانە !
ئەوە کوڕە لاوەکەی منە ، دێتەوە لەسەفەرێکی گەورەو گرانە ! .
چەکی[6] دەمنی لەکنن بەنیشانە ،
لە ڕێبازێ بۆ فێنکییە دڵی خۆی تێکی هەڵدەدانە[7] ،
هەر لێرە لەسەر سنگی منی بابان وێرانە ،
جووتە مەمکۆلان دەیان کردەوە شەڕە قۆچو تێك هەڵدانە .
ئەمن دەڵێم : کوڕە ، هەتیوەلاوە ، ئەتۆ وەرە ، سمێڵێ خۆیان لەسەردادەو لێ یان بکەوە بەنێوانە ،
نەوەکو دنیا ببێتەوە وێرانە .
دەوەرە ، ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم ، بەکوێستانی سێوە سوورو گەنمان ،
بەکۆزی دەبەرخان ، بەکۆسرەتی شالە بەگیان ،
بەسپی سەنگی موکریان ، بەقەندیلە کچکەی مامە کوێییان .
دەوەرە ، ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ .
ئەمن بۆت هەڵدەڵێم : بە ڕنوو ڕنووی بەفرێیە ،
بەکوڕکوڕی مەرگێیە[8] .
ئەگەر نێری سێزدە ساڵو چواردە ساڵی لێ دەگرنەوە پیرە پیرێو لێی دەکەنەوە بناوێیە .
بەهارانی لێ وەسەر دەکەوتن مەڕدارو ، لەکوێستانو بڵندی زەنوێری دەبوونەوە نیشتەجێیە .
پاییزان ئەگەر دەهاتنە خوارێ ، بێریان دەیانگرتەوە گەڕی دیلانێ ، ئارەقیان دەکەوتەوە سەرکوڵانو ، لێیان شل دەبوونەوە پانیەو پێیە .
دەوەرە ، ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم بەئەشکەوتی کەڕواوە[9] ،

ئەگەر سەرە بەهاران ئەوان سەفرەیی و گەلاڵەیی یان لێیان هەڵدەداوە .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم بەکانی کەنێرێ[10] ئەگەر مێشێ بەدوٚ[11] خۆی لێنەداوە .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم ، بەقەندیلی بڵندو بەرین ، هەتا بەفرێ نوێ دەبارێ بەفرێ کۆنی لێماوە .

بۆت هەڵدەڵێمەوە ، بەناسکەبێریان ئەگەر چاویان ڕەشن ، برۆیان بەکولاوە .

لەوان بێریان یەکێکیان لێ بەجێ دەماوە ،

گۆمیلکە گۆمیلکەی ئارەقێی لەنێو سینگ و مەمکان ڕاوەستاوە .

کیژ دەڵێ : ئەگەر گولەکەی مێردان لێی بخواتەوە بۆی دەبێتەوە بەسندان و ژەهرەمارە ، ئەگەر هەتیوە لاوەکەی من لێی بخواتەوە ، لەبۆی دەبێتەوە قەنداو و شەکراوە .

ئازیزێ ، دەوەرە ، ئازیزە گولێ .

دەوەرە ، وەرە ، ئازیزێ ، ئازیزە گولێ .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم ، بەوێ ماڵێ ، بەوێ مزڵێ .

لەبۆت هەڵدەڵێم ، بەوێ کەپرێ ، هەر بەوێ کەپرە گولێ .

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم ، بەئیمامی عەلی ، ئەگەر سوار دەبوو لە دوڵدوڵێ ،

هەرلەبەر پێنجسەد پاڵەوانی کورسی نشینی کافران ناخەجلێ .

ئازیزێ ، ئازیزەگولێ .

ئەوە سەدایەکم دەگەیشتێ برادەرینە ،

سەرێ من دەیشی دڵێ من بە برینە برینە .

ئەمن دەچوومەوە سەر گۆلێ کابەکری و[12] لەوێم پۆلێك سی هەڵدەفڕاندینە .

هێندێکیان سۆنەن ، سەرکەشکەن ، سپین ، هێندێکیان مراوینە .

وەدوویان دەکەوتم بۆ کوێستانی باژاڕو ، جەماڵ دین و ، کێلێو ، زەردەلالان[13] هەتا لە ترکەش و کەوپەڕان[14] دەنیشتنەوە لەمێرگی دەشین شینە .

ئەگەر لەوێشم پارێز بۆدەبردن دەفڕینەوە ، دەچوون لە گۆل گۆلی خۆیە دەنیشتینە .

ئەگەر یارێ من ناناسن ! بەلەکی ووڕەی هەلاجین ، پانیەی قەیسی ئالوێنینە ،

لێوی ئەتڵەسن ، ددانی مروارینە ،

هەموو ساردە سبیانان دێتەوە لەڕێیە سەراوێ ، بەکراسێکی پەشمین پەشمینە .

ئازیزێ ، ئازیزەگولێ .

ئازیز ، ئەمن بۆت هەڵدەڵێم ، بەکوێستانی برایم جەلالێ[15] .

ئەگەر شوانکارە سەرەبەهاران لێی وەسەردەکەوتن بۆ سەربەنی کوێستانێ ، هەریەکی بەسێ چوار هەزار سەرمەڕومالێ .

بۆت هەڵدەڵێم ، بەحاجی موحەممەدی ئەستەمبوولێ ، ئەگەر بەهاران بەسەر دەکەوێتەوە بۆسپی ڕێزی غەیلانیان[16] ، دەبێتەوە گەورەی پێنجسەدو بیست و دوو چادرو ڕەشماڵێ .

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم ، بەحەمەدی شێرە قولێ ، ئەگەر لەبەر شۆخ و شەنگیانی بەلکەی چەفتەی تویێیەکی عەردی ڕادەمالێ .

ئازیزێ ، ئازیزەگولێ ، دەوەرە ماڵێ من و ماڵی بابی من ....

ئازیزێ ، بەژنێ باریکت بەمن بمێنێ بەدارەکەی عودێ ، ئەگەر دەڕزکا[17] لەدەرکێ حەماغای کۆیە ، کوڕە مفردیان هەڵیان دەپەرداوت بەنووکی قەلەمبڕێ ، هێندێکیان دەیانکرد بەڕمب و حەیزەران ، هێندێکان دەیانکرد بەنێرۆی دەخەنجەرێ ، ئەوی دەدیکە دەیاندایەوە لەقوببەی دەمەتالی .

پەرچەمت بەمن بمێنن ، بەگولی سوێسن و هەلالەو ، سونبول و خاوێ ، ئەگەر لەسیلەی دەکوێستانێ خۆیان ڕادەوەشاند بە شیبای و بای شەمالی .

گەردنت بەمن بمێنێ ، بەگەردنێ ماینێ شێخی عارەبان ، ئەگەر لە دەشتێ دەکاولە بەغدایە ، کوڕە عارەبان ڕەختیان لێدەدایەوە لەبۆ کاکە ماڵ ماڵی .

ووردە خاڵت بەمن بمێنن بەوەنەوشەی ساوا ، ئەگەر کەڕی بەیانی سەری خۆیان دێنایەوە دەرێ لەبن ڕنووی دەبەفرێ ، لەسەر گوێیە دەکەندالی .

پانیەت بەمن بمێنن بەقەیسی ئالوێنی ، بەلەکت بە ووڕەی هەلاجی ، سینگت بەمن بمێنێ بەکاغەزی مەرجانی ، چاوت بەوێ ئەستێرێ ئەگەر هەڵدێ لەنێوانێ هەورو سامالی .

برۆت بەمن بمێنن بە پانەپەڕو[18] جفەی[19] دەڕەشە دالی .

زولفت بەئاوریشمی خاسەڕەنگی خاو ، ئەگەر هەلاوەسرابوو

لەبەر دوکانان ، کەوتوتەوە دەفتەری توجارو بەقالی .
دەیبەنەوە لەبۆ شارەکەی گەرمێنێ ، بەتەرازووی دەی کێشن و
دەی فرۆشنەوە بەمسقالی .
ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ .
ئەمن سەدایەکم دەگەیشتێ ، لەسەدای دەپیرە پاییزێ ، ئەمن
دەچوومەوە بۆ نێو لێڕی ، بۆنێو لێڕەواری ،
دەم پرسی لەوێلوی[20] لە شنێ[21] لەمازوو داری .
دارەبەنم دەدی بەڕووتی ، کەوتم دەدی بەڕەجالی ،
دەمگوت : تو خوا ، کەوت ئەتۆ بۆچ واڕووتی ؟ بۆچ وا
ڕەجالی !
کەوت دەی گوت : ئەتۆ نازانی بۆچی واڕووتم ؟ ! بۆچی وا
ڕەجالم ؟ !
ئەگەر سیاسووتی بەهاران شین دەبم لەنێو جەنگەڵ و لەنێو
لێڕەواری ،
ڕاوچیم دێنە سەرێ ، کەوی نێرم پێوە دەخوێنێ ، دەست
دەکاتەوە بەوێ گرمەگرم و ، سازو سەمتورو هاوار هاواری .
ساچمە خۆشیەم لەدڵی تەرە[22] دەکەن ، ئامێنێ هۆشی ژینێ
لەتاوێ دەردو ئازاری .
ئەگەر هەوەڵی پاییزێ شەختە لێم دەداو ، لێم دەکاتەوەبە
گڕووگڕووی پیرە شەمالی ،
ئەو گەڵێ پێمەوە لێم هەڵدەوەرێنێ ، پێی دەگرێتەوە زارکی
ئەشکەوتی دەزارخالی .
ئازیزێ ، ئازیزە گوڵێ .
ئەمن دەچوومەوە کن دارەبەنێ ، دەمگوت : دارەبەن ، ئەتۆ
بۆچ وا ڕووتی ؟ بۆچ وا ڕەجالی ؟
دارەبەن دەی گوت . ئەتۆنازانی ، ئەمن بۆچ وا ڕووتم ؟ بۆچ
وا ڕەجالم ؟ !
ئەگەر نێوانێ بەهارو هاوینان شینکی[23] لێم دەست دەدەنە
تەشوێلەی ، لەگەڵ تۆپەڵەقوڕی ، بەجێم دێڵن بەزەلیلی ، بە
نەخۆشی ، بەغەمناکی ، بەبرینداری ،
ئەگەر هەوەڵی پاییزێ ، لێم دەداتەوە نمەنمەی بارانی هەقە
پەڵێ ، لەگەڵ گڕووگڕووی پیرە شەمالی ،
ئەو گەڵێ پێمەوە لێم هەڵدەوەرێنێ و ، ڕایدەداتەوە بۆسەر
جۆگەلەو چۆم و ڕووباری .
ئازیزێ ، ئازیزەگوڵێ .

سەرێ من دەیێشی ، دڵی منی ماڵوێران بەبێرە بێرە .
ئەوە یارکۆلەکەم ، جارێکم چاو لێ دەکا بەمانگ و جارێکی دیکەم
لێ دەکاتەوە بەئەستێرە .
دەڵێ : هەتیوە لاوە ، ئەگەر نازانی بێیە ئێرە !
ئەتۆ کاوڕێکی بەماڵێ بابی من بسپێرە .
هەموو ڕۆژێ بەبێنووی کاوڕەکەی وەرە ئێرە ،
بەباسکانم لێ بگرەوە لابێر لابێرە ،
بەلکەی فەقیانەی کەتانم لەگەڵ بکەوە هاوێر هاوێرە ،
بیست و دوو ڕامووسانان لەگەردنێ زەردو حەلیم بەگی و خاڵ
خاڵی بژمێرە ،
بۆ داک و بابی تۆ سەوابیان زۆرە ، بۆ دایی و بابی من دەبێتەوە
خێرە .
دەوەرە ، ماڵی بابی من ئازیزێ .
کیژدەڵێ : خۆزگە بەخۆزگەی دەئیمانداران ، ئەمن دارێک بام
لەو شەنگە بێ یانەی لق شۆڕی سەرەوژێرە ،
ڕوابام لەمێرگی پاراوو شین و زەنوێرە ،
لقێکم ڕۆیشتبا بۆ کوێستانی بلندو سازگارو ، لقەکەی دیکەم
بۆگەرمێنی دەگەرمە سێرە .
هەموو عەسران لەبن لقی دەکوێستانێم ڕۆنیشتبان ، ئەوەمەلاو
خوندکارو میرو سوارچاک و جوانمێرە ،
نیوەڕۆیان لەبن لقی دەگەرمێنێم ڕۆنیشتبان ئەوسەپان و
وەرزێرو ئاودێرە .
ئازیزێ ، ئازیزەگوڵێ .
ئازیز ، ئەمن بۆتۆ هەڵدەڵێمەوە بەکوێستانی گەورەوگران و
بلندو خاڵ خاڵی .
ئەمن بەغیلیە نابەمەوە بەحاجی موحەممەدی دەشتێ ،
ئەگەر بەهاران پارەی بڵاو دەکاتەوەو ، پاییزان خڕی دەکاتەوە
بەتەلیس و جەوالی .
ئەمن بەغیلیە دەبەمەوە بەکولەکەی مێردان ، پیسکەی
پیاوان ، گیسکێ قەرزداران ، کەڵەبابی سەر بارەداری ،
ئەگەر لەدەورو بەری نیوەشەوێدا بەریشێکی قژنۆکەو ، بە
سمێڵێکی چلماوی ئارەقێ لەسەر سینگ و مەمکی ئازیزێ
دەماڵی .
ئازیزێ ، ئازیزەگوڵێ .
ئەری ئازیزێ ، ئازیزە خانێ ، سینگ سەدەفێ مەمك فنجانێ .

ئەوە دلم راناوەستێ ، لەبەر ئەوێ غەمێ ، لەبەر ئەوێ ژانێ .
ئەمن ئاورێکم بەربوتەوە لەدەروونێ ، لەدەروونە ویرانێ .
نە ـ بە ـ بای دەکوژێتەوە نە بە پریشکەی دەبارانێ .
نەبەپاچ و پیمەرە گل وەسەردانێ .
هاوارێکم وەبەر خودای و ، ئیدیکەم وەبەر پێغەمبەری ئاخرزەمانێ .
دەوەرە ئازیزێ ، ئەتۆ لەمن زیزێ .
ئەتۆ رەشەریحانێکی سەرپەلك سەوزو بن پەلك بە قەنەوزی[24] ئازیزێ ....
کوڕدەڵێ : ئازیز ، ئەتۆ بەلەکت بۆ واجوانن ؟ !
کچ دەڵێ : خانەویران ، هەموو لەبەر خرخاڵ تێگێرانێ .
کوڕ دەڵێ : ئەدی داوودەلینگت بۆوا جوانن ؟ !
کچ دەڵێ : تازە هاتوومەوە لەجێ ژوانێ .
کوڕدەڵێ : ئەدی قەدت بۆچی واباریکە ؟ !
کچ دەڵێ : لەبەر قوببەی کەمەرە لێدانێ .
کوڕ دەڵێ : ئەدی گەردنی بلووری عەجەمیت بۆ وابلندە ؟ !
کچ دەڵێ : ئەتۆنازانی دیواری حەساری ماڵێ بابی من بلندە ، هەموو لەبەر گەردن هەڵێنانێ .
کوڕدەڵێ : ئەدی سینگت بۆچ وا نەرم و تەخت و سپی یە ؟ !
کچ دەڵێ : شەوان هەتیوە لاوەکەی خۆم لێی دەگرێتەوە دیوانێ .
کوڕدەڵێ : ئەدی چاوت بۆچی واجوانن ؟ !
کچ دەڵێ : هەموو لەبەر سوورمە تێکێشانێ .
کوڕدەڵێ : ئەدی سەرکولەت بۆچی وا سوورن ؟ !
کچ دەڵێ : ئەمن دڵ بەدنیام و لەبەر شەو رامووسانێ .
دەوەرە ، ئازیزێ ، ئازیزەگوڵێ ...

لێکدانەوێ ووشان

1 ـ چواس : چیایەکە لەسەرووی رۆژهەلاتی قەلادزێ .
2 ـ گۆردو زەرد : گوێی دریژو پان و زەرد ، تایبەتە بۆ رەگەزی بزنێ .
3 ـ بەوەیە : بەئازارە .
4 ـ حوندە : زۆرگەورە .
5 ـ ماتی : تفەنگی ماتلی (بەتلی) تفەنگێکی سەر دەمی جەنگی جیهانی یەکەم بووە .
6 ـ چەك : خشل .
7 ـ تێکی هەڵدەدانە : لەدەستی وەردەدان .
8 ـ کورکوری مەرگێ : خۆشترین و بەرزترین هاوینە هەواری دوڵێ سەراوێ ی کانی تووی سەربەناوچەی بنگردە لەپارێزگای سلێمانی .
9 ـ ئەشکەوتێ کەرواوێ : ئەشکەوتێکی گەورەی شینکایەتی یە یە ، بەهارو پاییزان مەرداری شینکیانی تێدا دەحەوێنەوە .
10 ـ کانی کەنێر : کانیاوێکە دامێنێ چیای کورکوری ئاودەدا .
11 ـ مێشێ بەدۆ : ماڵە مەری کوێستانان بەزۆریان دۆ لە خۆ زیاد دەبێ و دەی رێژن ، مێشی کوێستانێش لەسەر ئەو دۆیەی دەژین ، بۆیە مێشەکان دۆوازین .
12 ـ گوڵێ کابەکرێ : (گۆماوی کاك بەکری) گۆلاوێك بووە کەبۆ راوی شەوارەی کراوە ، شوێنەکەی لەپشتی دەربەندی قەلادزێ بووە ، سوورە قوڵنگی نامەبەری فەرخۆڵەی مامان کەلەشامێوە هاتۆتە (داودی) شەوێ لەوگوڵەی میوان بووە .
13 ـ ترکەشۆ کەوپەر : دوو گوندی مەنگوڕایەتی یەن لەکوردستانی ئێرانێ سەر لەپارێزگای خانێ .
14 ـ کوێستانی برایم جەلالی : کۆمەڵە کوێستانێکی ریزە چیای زمزیرانن لەنێوانێ سەردەشت و سابلاغێ لەکوردستانی ئێرانێ .
15 ـ باژارو جەماڵدین ... : کوێستانی کوردستانی ئێرانێن لەنزیکی سنووری پشدەرێ .
16 ـ سپی ریزی غەیلانیان : کوێستانی ناوچەی (جەلدیان)ێن لە پارێزگای خانێ لەکوردستانی ئێرانێ .
17 ـ دەرزکا : دەروا ، رەگی دادەکوتا .
18 ـ پانەپەر : ئەوپەرانەن کەدەکەونە بەشی ناوەراستی باڵی باڵدارانەوە ، کولکەکەیان نەرمەو سەری پەرەکان پانە .
19 ـ جفە : ئەو پەرانەن کەدەکەونە کۆتایی سەرباڵی باڵدارانەوەو کولکەیان روویان لەسەرەوە کردووەو سەری پەرەکان بە تیژی کۆتایی یان هاتووە .
20 ـ ویلۆ : رەگەزێکی دار بەڕوویە ، بەزۆری دمکانەی لێ دەکەن .
21 ـ شن : درەختێکی کوێستانی بێ بەرە ، زۆر گەورەنی یە .
22 ـ تەرە : پەراگەندە .
23 ـ شینکی : تیرەیەکن لەنێوانێ ماوەت و دوڵێدا دەژین لەپارێزگای سلێمانی کەگوندەکانیان ئەمانەن (گەلالە ، سەفرە ، زەروون ، دری ، قامیش ، بەرگورد ، شینکی ، باساوێ) .
24 ـ قەنەوز : سەوز .

سەرچاوەکان

1 ـ گۆرانی بێژو بەیت بێژان : (خدربلوێر ، حەمەکوێر ، سەلیمی بایزی ، رەسوولی مینایی ، برایمی حەمە عەزیزی ، برایمی ئەحمەدی برایمی ، ئەحمەد سەرنێلی خوا لێخۆش بوو) .
2 ـ تحفەی مظفریە بەرگی یەکەم ، نوسکارمان ـ هێمن .